رادەربڕینو پابەندبوون بەپێویستییەکانی کۆمەڵگاو نەریتەکانی کۆمەڵو کۆکردنەوە لەنێوان هێنانەدی خودو گونجاندن لەگەڵ بابەتیدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو چوار چەمکەن:

**یەکەم:- ئازادی هەڵبژاردنی لیست بەویستی رەها.**

**دووەم:- ئازادی ئاکاری یان ئازادی سەربەخۆی خود.**

**سێیەم:- ئازادی ژێریە پراوپڕەکان.**

**چوارەم:- باڵای دەروونزانی یان دەروونی.**

دوای پیشاندانی ناسنامە تیۆریەکانیو کرداریەکانی ئەم چەمکانە توێژەر ئەوە دەدۆزێتەوە، کە چەمکی دووەم (ئازادی ئاکاری - ئازادی خودسەربەخۆی) نزیکترە لەهەموڵی سود لێ وەرگرتنیان لەگەشتی توێژینەوەی فەلسەفی بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەی رێنوێی بۆ گەڵاڵەنامەی رەفتاری ئاکاری بۆ کاری راگەیاندن.

ئەم جۆرە ئازادییە وەك دكتۆر زەكەریا ئیبراهیم پسپۆری لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە ئەڵێ: (ئەوەیە کە نەخشەسازیو کاری بۆ دەکەین دوای تێڕامانو گێڕانەوە، بەشێوەیەك کردارەکانمان بهێنێ کە لەدایك بوونی زانستیو ئەندێشەبێ، ئێمە هەست ناکەین کە ئازادین کاتێ کاردەکەین بەپێویستو بێ هاندەرێك لەبیروهۆشماندا بێ. وە کاتێ وەك هەبووی نابەرپرس هەڵسوکەوت دەکەین بەڵکو ئێمە هەست بەئازادی خۆمان بەراستی دەکەین کاتێ دەزانین چیمان دەوێ؟ بۆ دەمانەوێ؟

مەبەستم ئەوەیە کاتێ بەپێی بیروباوەڕە ئاکارییەکان



کاردەکەین، کە هۆشمان بڕیاردەرو ویستمان قایل دەبێ. کاری ئازاد بەم مانایە ئەو کارەیە کە لەگێڕانەوەو هۆشمەندیو تێڕامان دەچێ، و گەر ناوی ئەم شێوە ئازادیەمان ناونا بە(ئازادی ئاکاریەکان) لەبەرئەوەیە ئەوە پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بەوەی کە ناونراوە سەربەخۆی ئاکاری، و ئەو بارەیە کە بکەری ئاکاری پێی باس دەکرێت کاتێ یاسای کار بۆ خۆی دادەنێت.

هزرمەندی ناسراو دکتۆر محەمەد عابد جابری لەبارەی گرفتەکانی پەیوەندی لەنێوان (ئازادیو ئاکار) دەڵێ: (ئازادی مەرجێکی پێویستە بۆ بەرپرسیارێتی)و لەهەموو ئاینەکانداو هەموو فەلسەفەکاندا مرۆڤ بەرپرس دانانرێت تەنها کە ئەوەی لێی دەردەچێ بەئازادیو هەڵبژاردەی خۆی.

چونکە ئازادی مەرجی یەکەمی لێپرسراویەتیە، گەر کارەکە پەیوەندی بەبەرپرسیارێتی لەبەردەم یاساو لەبەردەم خوادا بێ یان بەرپرسیارێتی لەبەردەم ویژدانی خودداو، ئەمەی دواوەیان بەرپرسیارێتی ئاکارییە چونکە ئازادی مەرجێکی پێشوەختە، مەرجە لەهەڵسانی ئاکارەکان بۆ خۆیان، و رق لەکردارێك پرسیاری لێ ناکرێو لێرەوە بیروباوەڕی پێویست قەدەغەکراوەکان رەوا دەکا لەئاینزانیدا، زۆر لێکراو لەفرمانی بێزراودا، بەرپرس نییە، و ئازادی لەم بوارەدا واتا کرداری ئازاد کە لەمەبەستەوە دەردەچێ، وە بکەر لێرە ئەنجامی کارەکەی دەزانێ وە بەئەنقەست دەیکا.

توێژەر یەکەم جاری رێککەوتنی تەواوی لەگەڵ هەموو



بانگهێشتو بانگە پێشینەکان کە دەبینین بۆ وتوێژەکان (دەربارەی ئازادی راگەیاندنو بەرپرسیارێتییەکەی گرنگی تایبەتنو ئێمە دەچینە سەدەیەکی نوێوەو کۆمەڵێ لەگۆڕانی ناوچەییو هەرێمی جیهانی دەژین، کەبەزیرەکی گفتوگۆی چەمکەکانی ئەم ئازادییەو جێبەجێکردنیو دەستەبەرییەکانیو بەرپرسیارێتیەکانی دەکەین.

ئەوەتا رۆڵی هۆیەکانی راگەیاندن لەزیادبووندایە لەژیانی هاوچەرخی هەتا راگەیاندن بووەتە هاوبەشێکی سەرەکی لەرێکخستنی یەکەمیەکانی بایەخەکانمان بەکارتێکردن لەسەر دەرکردنی فرمانەکانمان. و لایەنێکی گەورەی تێڕوانینەکانمان دەربارەی ئەم جیهانەی دەوروبەرمان بووەتە دروستکەری راگەیاندنو هۆیەکانی کە توانای زیاد لەکارتێکردنی لەسەر بیروراو رێبازەکانمان هەیە).

زیاتر لەسەر ئەوە دەرۆینو بەدەستنیشان کردن بۆ بارە تازەکان کە دوای روخانی رژێمی گشتیو کە ناسراو بەکرانەوەی بەرفراوانو زۆری مینبەرەکانو هاتنە ناوەوەی ئاژاوەی راگەیاندنو قۆناغی ئامادەنەبوونی هەموو شێوەکانی سیستەمو گونجاندن بۆ کردارەکانی راگەیاندنو هاوەڵی ئەوە لەگەڵ ئاژاوەیەکی زۆر لەهەموو بوارەکاندا.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی دەوترێ لەسەر لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم کرانەوەیە بەڵام رووی خراپەکانی ئەوە زۆر ترسناکترە لەسەر ئایندەی راگەیاندن بەڵکو ئایندەی وڵاتو هەڕەشەی



دابەشبوونی شەڕی تیرەگەریو دەرکەوتنی باوەڕو رەوتی خۆسەپاندن، کە کەناڵەکانی دیموکراتی لەناویاندا هۆیەکانی گەیاندن بەکاردەهێنرێت وەکو ئامرازێك بۆ پیادەکردنی ستەمکاریو تۆقاندنی هزری لەسەر کۆمەڵگاو کایە دابین دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگاو کۆمەڵەکان پیادەی کپکردنەوەی خۆ بەخۆ دوای ئەوەی ئەوە قەتیس بووە بەئامێرەکانی کپ کردنەوەی دەسەڵات.

جارێکی تر جارێ رێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوە زانستیەکان کە دەستنیشانی ئەو پێشکەوتنەی کەعێراق بینیویەتی لەبوارەکانی ئازادی رادەربڕینو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی پێشکەوتوو (ئەم پێشکەوتنەو کارتێکردنانە دەبنە وروژاندنی گرنگی تێگەیشتنی هۆشمەند بۆ دەستەبەریەکانی ئازادی رادەربڕین لەکۆمەڵگا لەشێوەی مافی گەیشتن لەزانیاریەکانو دەسکەوتنینانو دەستەودەست کردنیو گۆڕینەوەی مافی بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی بەبێ چاودێری پێشوەخت یان پاشوەختو سنوری قەدەغەکراوەکان تەسك دەکاتەوەو بۆ نزمترین پلەی توانراو لەسنوری هەندێ پاراستنی رەوشتیو سەربازیو ئەوەی پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەی بەچەمکی سنوردارو دەستەبەرکردنی باشترین بارودۆخی گونجاو بۆ پاراستنی کارمەندانی راگەیاندن لەهەموو پەستانە ناوخۆیەکانو دەرەکیەکان، کە توشی دەبن لەکاتی پیادەکردنی کارەکانیدا. لەپاڵ پێویستی لێکۆڵینەوەی یاسا دانانی راگەیاندن